# شەهیدانی ڕێکخراوەی "فیدائیانی خەڵق"(پاشان "ئەکسەرییەت")

# لە بۆکان

(بەشی چوارەم)

### ٧. <u>هاوڕێ ڕەزا پیرانی</u>

شەهید ڕەزا پیرانی خەڵکی مەهاباد و ئەندامی بەشی تەبلیغاتی ڕێکخراوەی فیدائیان بوو. دوای داخرانی ستادی سازمان لە مەهاباد. لە مەقەڕێکی ڕێکخراوەکە لە گەورکایەتی کاری دەکرد. لە مانگی میهری ساڵی ٥٩ دا بە دەست کەسێکی سەر بە حزبی دیموکڕات شەهیدکرا. هاوڕێ بەبریندارى، لەناو جیبێکی سازماندا هێنرایەوە بۆکان بەڵام بەداخەوە پێش ئەوەی بیگەیێننە نەخۆشخانە، بۆ هەمیشە چاوی لە سەر یەک دانا. برادەرێک کە هێنابوویەوە شاری، دەیگوت تا گەیشتینە سەر جادەی ئیسفاڵتیش هەر زیندوو بوو و بەداخەوە بەرگەی برینی گوللە و خوێن لەبەر ڕۆیشتنەکەی نەگرت و گیانی لە دەست دا. ڕێ وڕەسمی بەڕێکردنی تەرمەکەی لە بۆکان بەڕێوە چوو و تەرمی شەهید بە هاوبەشیی هەندێک ئەندامی بنەماڵەکەیان و بە سروود خوێندنەوەی لاوان بەڕێ کرا. دوای ناشتنی تەرمەکەی هەندێک کەس وتاریان دا، کە یەکیان کاک عومەری حەمیدی ویەکێتریان من بووم، ئەگەر هەڵە نەکەم کەسێکیش لە لایەن حزبی دیموکڕاتەوە ووتاری دا، بەڵام کارەکە کرابوو و زیانێکی گەورە لەسامانی هەڤاڵانی فیدائی کەوتبوو، کە بە وتار و قسە قەرەبوو نەدەکرایەوە.

کاک ڕەزا، لاوێکی هەڵسووڕاو و بێ فیز و زەحمەتکێش بوو. ئەرک و کاری بەشی 'تەبلیغات' ی ڕێکخراوەکەی بە ڕێک وپێکی بەڕێوەدەبرد و لە کارەکەی خۆیدا گەلێک شارەزا و جیددی بوو. ئەندامانی بنەماڵەکەشی کە بۆ بەڕێ کردنی تەرمی ڕەزا هاتبوونە بۆکان، خەڵکانێکی خودان ڕێز و ڕێک وپێک بوون. جێگەی خۆیەتی هاوڕێیانی ستادی فیدائیان لە مەهاباد و ئەوانەی وا لە نزیکەوە کاریان لەگەڵ کردبوو، سەبارەت بە کەسایەتی و چالاکییەکانی بابەتی تێروتەسەل بنووسن. بە داخەوە زانیاریی من لەسەر هاوڕێ ڕەزا هەر ئەوەندەیە.

ڕێزدار بهزاد کەریمی لە وەڵامنامەیەکدا کە بۆ ڕەخنەگرێکی لقی کوردستانی ڕێکخراوەی فیدائیانی نووسیوە و لە ١٨ ی مانگی یەکەمی ساڵی ١٣٨٧ لە ماڵپەڕی فارسی 'اخبار روز' دا بڵاو بۆتەوە، باسی ئەو ڕەنجانە دەکات کە دوای بەسترانی بنکەکانی ئەکسەرییەت لە کوردستان و ئاوارەبوونی هاوڕێیان لە شارەکانی تاران وتەورێز تووشی هاتن. لەوێدا ئاماژەیەکیشی بەهاوڕێ ڕەزا کردوە، کە بوو بە قوربانیی ئەو سیاسەتە نوێیە و نووسیویەتی:

*"..... ئەو هاوڕێیانە لە کوردستان نەک هەر کەوتبوونە ژێر گوللە بارانی 'چەکی ڕەخنە' بەڵکوو لێرە ولەوێ ڕووبەڕووی 'ڕەخنەی چەک' یش دەبوونەوە وجارێک گەیشتە ئەو شوێنەی کە هاوڕێی لەگیان بوردوو 'ڕەزا پیرانی' تێیدا کووژرا......."*

یادی کاکە ڕەزا بەخێر بێت!

## ٨. <u>**هاورێ ڕەشید یەزدان پەنا (سمکۆ)**</u>

شۆڕەلاوێکی باڵابەرزی بەجەرگ و ئازا، لە فەیزوڵلابەگییەکانی ڕۆژهەڵاتی بۆکان بوو. کاتێ لە دەبیرستانی کەماڵی بۆکان دەرسم دەگوتەوە، بۆ ماوەی چەند مانگێک شاگردم بوو. لایەنگری ڕێکخراوەی فیدائیان بوو و لە دابەشبوونی ڕێکخراوەکەدا لەگەڵ ئەقەلییەت کەوت. دەگوترێت لە کاتی گیرانەوەی شاری بۆکان وهاتنەوەی پاسدار وئەرتەشدا ئازایەتی زۆری نواندبێت، بەلام لەو سەردەمەدا لەگەڵ ئەقەلییەت کەوتبوو و دەبێ ئەوان زانیاری زیاتریان لە هەڵس وکەوت و چالاکییەکانی هەبێت.

بە داخەوە من گەلێک کەم لە ژیان و بەسەرهاتی کاک سمکۆ دەزانم، بەڵام بەختەوەرانە بنەماڵەی بەرێزی ڕێگای شۆڕش و خەباتیان بەرنەداوە و یادی ئەو زیندوو ڕادەگرن.

تکام لە هەندێک کەس کردووە زانیاری زیاترم سەبارەت بە ژیانی کاک سمکۆ بدەنێ و ئەگەر نووسراوەیەکم بگاتە دەست هەموو یا هەڵبژاردەیەکی لە بەشی پاشکۆی ئەم یادداشتانەدا (ژمارە ٣١٢ یا ٣١٣) دەهێنم.

یادی بەخێر بێت!

## ٩. <u>**هاورێ سەیفوڵلا فەیزی**</u>

کوڕەلاوێکی ڕێکخراوەی لاوانی پێشگام بوو، ڕوح سووک و ئازا و لەبەردڵان. لە یارمەتیدانی خەڵکی شاری سەقزدا گیرا و خەڵخاڵی جەللاد ئیعدامی کرد.

بۆ ئاگاداری لە ژیان و کارەساتی کووژرانەکەی پەیوەندیم بە خاتوو گەوهەر فەیزی برای شەهید فەیزوڵلاوە گرت و تکای زانیایم لێکرد. بە پێخۆشییەوە گەوهەرخانم بەرەوپیری پێشنیارەکەم هات و ڕەشنووسی یادداشتێکی بۆ ناردم کە بە زمانی ئینگلیزی بۆ ڕێکخراوەیەکی مافی مرۆڤی ئامادە کردبوو. ئەوەی لەخوارەوە دێت وەرگێراوی هەڵبژاردەیەکی ئەو یادداشتەن. سپاسی زۆری گەوهەر خانمیش دەکەم:

*"... شەڕی نێوان پێشمەرگە و کۆماری ئیسلامی لە مانگی ئۆگوستی ١٩٧٩ دا لە شاری سەقز سەری هەڵدا و لەئەنجامدا خەڵکانێکی زۆر گیران و ئیعدام کران. براکەم 'سەیفوڵڵا' لە او ئەو کەسانەدا بوو کە بە لایەنگریکردنی ئۆپۆزیسیۆن تاوانبار کرا. سەیفوڵڵا، کە لە ساڵی ١٩٦٤ لەدایک ببوو، تەمەنی تەنیا ١٦ ساڵان بوو کە خواردەمەنی و دەرمانی بۆ پێشمەرگە کۆدەکردەوە و بۆی دەبردنە بەرەی شەڕ. لە ماوەی ئەو هەڵسووڕانە و لە کاتێکدا خواردەمەنی دەبرد بۆ پێشمەرگە، لە لایەن پاسدار و*

بەسیجبییەکانەوە گەمارۆ دەدرێت. بەهێزی زەوینی و هەوایی تەقە لەو و لە هاوڕێکانی دەکەن. گولـلە وەبەرە باسکی دکەوێت، پاشان بێ بەزەییانە ماوەی چەند مایلێک بە سەر خاک وخۆڵی دەوروبەری شاری سەقزدا ڕایدەکێشن تا دەیبەنە ناوەندێکی سوپایی لە ناوەڕاستی شاری سەقز. لەئەنجامدا باسکی دەشکێت و هەموو ئەندامی لەشی بریندار دەبن و شین دەبنەوە.

لەو سەردەمەدا 'خەڵخاڵی' لەلایەن خومەینییەوە کرایە حاکم[ی شەرع] لە سەقز و براکەمیان بە لەشی بریندار و دەستی شکاوەوە بردە بەر دەمی. ڕەوتی دادگایەکی فەرمی بەڕێوە نەبرا وکەس گوێی نەدایە چۆنیەتی گیرانەکەی و تەندروستی ئەندامیی و دەروونیی براکەم. لەجیاتی ئەوانە لێی دەپرسن چیت کردووە؟ لە وەڵامدا دەڵێت من پشتگیریی گەلەکەم دەکرد و خواردن ودەرمانم دەبرد بۆ پێشمەرگە. لێیان پرسی ڕێبەری گەلەکەت کێیە؟ گوتی دوکتۆر قاسملوو. ئینجا خەڵخاڵی بە دارێکی باریک دەست نیشانی لایەنێکی کرد و بە سەیفوڵڵای گوت بچێتە ئەو لایە ولەوێ بوەستێت. ئەوە هەموو ئەو پرسیارانە بوو کە لێی کرا.

ڕۆژێک لە جەژنی ڕەمەزانی ئەوساڵە تێپەڕیبوو و ئێمە هەر چاوەڕوانی سەیفوڵلا بووین تا بۆجەژن بگەڕێتەوە لامان، بەڵام هەواڵمان پێگەیشت کە سەیفوڵڵا گیراوە. لە ماوەی گیرانی دا تەنیا خوشکەکەم چوو بۆ چاوپێکەوتنی لەبەر ئەوەی بۆ پیاوەکانی بنەماڵە جێگەی مەترسی بوو بچنە مولاقاتی، ئیتر نەمانهێشت باوکم و براکانی دیکەمان بچن بۆ سەقز.

خوشکم دوای گەڕانەوە لە سەقز داستانی چۆنیەتی گیرانی سەیفوڵڵای بۆ بنەماڵەکەمان گێڕایەوە. دڵنیا نیم ڕۆژێک یا چەند ڕۆژ لە گیرانی براکەم تێپەڕیبوو کە هەواڵمان بۆ هات گوایە سەیفوڵڵا ئازاد دەکرێت. لەبەر ئەوەی سەرەتای جەژنی ڕەمەزان بوو. خوشکە گەورەکەم دەست بەجێ خواردنی دڵخوازی ئەوی ئامادەکرد و جل وبەرگی تازەیمان هەڵگرت و [لە بۆکانەوە] بەرەو سەقز وەڕێ کەوتین. ئوتوبۆسەکە پڕ بوو لە بنەماڵەی ئەوکەسانەی وا لە سەقز گیرابوون. پەردەیەکی خەمهێنەر لە بێدەنگی بە سەر شاری سەقزدا کشابوو، ژنان بە چارشێوی ڕەشەوە بە قەراغ جادەکاندا دەڕۆیشتن، ئەستەم پیاوێک دەبینرا. سەقز بەلامەوە وەک شاری ئەرواح دەچوو.

خوشکم پەنجەرەی ئوتوبۆسەکەی کردەوە و هەواڵی تازەی لەخەڵک پرسی. یەکیان گوتی دوێشەو ٢٠ کەسیان ئیعدام کردووە. بۆ ماوەیەک بێدەنگی سەرسووڕهێنەر بەسەر هەمووماندا کشا.... دڵنیانەبووین ئایا سەیفوڵلاش لە ناو ئیعدامییەکاندایە یان نا؟ ... بەرەو پادگانی شارەکە ڕۆیشتین.... هێشتا لە شوێنەکە نزیک نەببووینەوە بارانی گولـلەمان بەسەردا باری. بە بڵێندگۆ گوتیان ئەگەر نزیکتر ببنەوە تەقەتان لێدەکرێت، ئەگەر دەتانەوێت کوڕەکانتان ببینن بچن بۆ مزگەوتی گەورە لە ناوەڕاستی شار. کاتێ گەیشتینە مزگەوتەکە بەردەرگاکەی پڕ بوو لە خەڵک، بە نارەحەتییەوە باسی ئەو ٢٠ کەسەیان دەکرد کە شەوی پێشتر گولـلەباران کرابوون.

دەست بەجێ لە ئوتوبۆسەکە پەریمەدەرەوە وبەرەو مزگەوت هەڵاتم. خۆم بە ناو خەڵکەکەدا کرد. خەڵک لە قوژبنێکی حەوشەی مزگەوتەکە کۆببوونەوە. چاوم گێرا، جەنازەی مردووەکانم بینی کە سەهۆڵیان بەسەردا کرابوو. بە ووردی سەیری تەرمەکانم کرد، ناسینەوەیان ئەستەم بوو ئەویش بۆ یەکی وەک من کە ئەودەم دەوروبەری ١٥ ساڵم تەمەن بوو.

*..... بێ ئەوەی کۆنترۆڵی خۆم لەدەستمدا بێت، لە تەرمەکان چوومە پێشەوە. گەلێک ترسابووم...، لە ئەنجامدا تەرمی براکەی خۆم دۆزییەوە. من زۆر لە براکەم نزیک بووم، زۆر جار دەهاتە شوێنم و لە قوتابخانەوە دەیبردمەوە ماڵێ؛ لەڕێگا دەستی دەکردە ملم. دەست وپەنجەکانی زۆر لەبۆم ئاشنا بوو.... هەرئەوەندەی دەستەکانیم لە ناو کۆمای جەنازەکاندا بینی دەست بەجێ ناسیمەوە. دەستیم ماچ کرد... سینگی کون کون کرابوو، وێدەچوو ١٠ -١٢ گوللەیان پێوەنابێت. هەروەها نیشانەی پەتیش بە سەرملییەوە دیار بوو. باسکی هێشتا لە گەچ گیرابوو. هاوارم کرد: ئەوە براکەی منە! خۆشکەکانم لەدەرەوەی مزگەوت گوێیان لە دەنگی قیژەی من ببوو و بە ئازیەتبارییی لە سینگی خۆیان دەدا.... کارەساتەکە ڕووی دابوو.*

*..... سەیفوڵلا خوێن گەرم و خۆشەویست بوو، کەسێکی عاقڵ و تێگەیشتوو بوو. گەلێک بنەماڵەکەی خۆش دەویست. ئەو خۆشەویستییە بۆ گەل و نیشتمان چەند بەرابەر بوو. سەرەڕای تەمەنی کەم، گەلێک وریا و هۆشیار بوو.... لە کاتی ئیعدامکراندا، ١٦ ساڵی تەمەن و قوتابی دەبیرستان بوو. تەرمی ئەو شەنگەلاوەمان هێنایەوە بۆکان و لە گۆڕستانی شارەکە ناشتمان........"*

خاتوو گەوهەر کارێکی گەورەشی کردووە بەوەی ناوی ١٩ کەسی دیکە لەو خەڵکانەی بۆ ناردووم کە لەگەڵ نەمر سەیفوڵلای برایدا لە سەقز ئیعدام کران. ئەوانەی خوارەوە ناوەکانن کە هەموویان خەڵکی شاری سەقز یا بۆکان و دەوروبەریانن:

*ئەحمەد سەیدی،*

*ئەبوبەکر حەمیدی،*

*قادر بەهار،*

*محەممەد بابامیری،*

*ڕەسووڵ ئەمینی،*

*ناجی خۆرشیدی،*

*کەریم ڕەزایی،*

*ئەنوەر ئەردەڵان،*

*عەلی فەخری،*

*عەبدوڵلا بەهرامی،*

*سەید حەسەن ئەحمەدی ،*

*محەممەد دەروێش نوقرەیی،*

*کەریم شیرینی،*

*ئەحمەد موقەددەم،*

*جەلیل جەماڵزادە،*

*یۆسف کیشی زادە،*

*محەممەد غەفووری،*

*تاهیر کاتبی، و*

*ناسر حەدادی.*

خۆزیا ژیننامەیەک بۆ هەموو ئەو شەهیدانە پێک دەهات.

یادی ئەوان و هەموو گیانبەختکراوانی گەلەکەمان بەخێر بێت!

**١٠. هاوڕێ حەسەن حەسەن زادە**

قوتابییەکی لاوی خەلکی بۆکان و ئەندامی ڕێکخراوەی لاوانی "پیشگام" و ماڵیان لە گەڕەکی قوللە بوو.لە تەقینەوەی ناو میتینگێکی سازمان لە شاری مەهاباد لە مانگی پووشپەڕی 1358 دا شەهید بوو. بەسیجی وپاسداری کۆماری ئیسلامی بۆمباکەیان تەقاندبووەوە. لە بۆکان سەرەخۆشیمان بۆدانا و خەڵکێکی زۆر بەشدارییان تێدا کرد. بەرپرسی ئەودەمی ڕێکخراوەی حزبی دیموکرات لە بۆکانیش ئامادەی سەرەخۆشییەکە بوو.

باوکی شەهید حەسەن مرۆڤێکی بەڕیز و بەجەرگ و لەبەردڵان بوو، لەبیرمە سەرەڕای دەرد و داخی مردنی جگرگۆشەکەی، لەو مەجلیسی پرسەیەدا سەرەخۆشی لە ئێمە دەکرد.

یادی هاوڕێ حەسەن و باوکی دڵ هەڵمووتی بەخێر بێت!

**١١. هاوڕێ .... مەعرووفی**

ئەوەندەی بزانم ئەو هاوڕێیە دواتر لەگەڵ فیدائیانی ئەقەلییەت کەوت. لەبیرمە چوو بۆ شەڕی پاسدارانی ئێرانی لە جادەی بانە ـ سەردەشت و لەوێ شەهید کرا. تەرمەکەیان دوای ماوەیەک هێناوە بۆکان ولەوێ ئەسپەردەیان کرد. من تەنیا یەک دوو جارم بینیبوو و ئەوەندەم لەبیرە لاوێکی باڵابەرزی قسەخۆش بوو و جارێکیان لەگەڵ مندا باسی بەرنامەکانی دواڕۆژی ژیانی خۆی کرد. بەداخەوە گوللەی پاسداری مەلاکان دەرەتانی وەدیهێنانی ئاواتەکانی پێ نەدا.

یادی بەخێر بێت!

## ١٢. هاوڕێ عەزیز نەژاد

لاوێکی بۆکانی و لایەنگری فیدائیان بوو. هەر لە سەرەتاکانی سەرکەوتنی شۆڕشدا چووبووە شاری سنە و لەوێ لە بنکەی ڕێکخراوەکە لە دانیشتنێکدا کە زۆرکەسی دیکەشی تێدا بەشدار بوون، کەسێک گوللەی لەدەست دەرچووبوو و گوللەی وێل وەبەر ئەو کەوتبوو و هەر بەوەش گیانی لە دەست دا.

## ١٣. هاوڕێ محەممەد حەیدەری موقەددەم (ڕەفیق سەلیم)

ڕۆژێک دوای بڵاوبوونەوەی بەشی دووهەمی ئەم وتارانە، دۆستێکی خۆشەویست وتارێکی بۆناردم کە لە ماڵپەڕی فارسی "اخبار روز" دا بڵاو کرابوەوە. وتارەکە "سیامەک بۆکان" نووسیویەتی کە ناوێکی خوازراوەیە بۆ هاوکارێکی پێشووی ڕێکخراوەی فیدائیان لە بۆکان. وتارەکە بە حەماسەتێکی شۆڕشگێرانەوە سەبارەت بە هاوڕێیەک نووسراوە کە لەو سەردەمانەی وا ئێمە لە ڕێکخراوەی فیدائیان لەبۆکان کارمان دەکرد، لە تارانەوە هاتبوە ئەوێ و بە ناوی "سەلیم" موە وەک پێشمەرگەیەک چەکی هەڵگرتبوو.

من ئەو هاوڕێیەم باش لەبیر نییە، بەڵام بوونی کەسێکی فارس زمان بە ناوی 'ئارتاک' یا 'سەلیم' لە ڕێکخراوەی بۆکاندا پشتڕاست دەکەمەوە، زۆریش ئاگاداری پلە وپایەی ڕێکخراوەیی نیم، ئەو وتووێژەشم وەبیرنایەتەوە کە بەگوێرەی وتارەکە دەبێ لەگەڵ بەرپرسی لقی بۆکانی ڕێکخراوەی فیدائیانی کردبێت، کە من بم. بەڵام وێدەچێت ڕاست بێت لەبەر ئەوەی بە باشی لەبیرمە ئێمە ئەو هاوڕێیەمان چاک نەدەناسی و نەماندەزانی چۆن و بۆچی لەتارانەوە هاتۆتە بۆکان؟ بەگشتی، چەشنە ئیحتیاتێک دەکرا وئەوەش بێ ڕێزی بە هاوڕێ سەلیم نەبوو، بەڵکوو پێداویستییەکی سەرەکی خەباتی چەکدارانە بوو و نەدەبوایە دەرەتان بە هەمووکەس بدرێت بێتە ناو ڕێکخراوەکە و چەک هەڵبگرێت. لە برگەی چەکدانانیشدا، چەک لە هەمووکەس وەردەگیرایەوە و لام وایە ئەو هاوڕێیە ڕاست دەکات لەبەر ئەوەی ئاشکرایە دەبێ داوای چەکدانان لە هاوڕێ سەلیمیش، وەک پێشمەرگەکانی تر، کرابێت.

بیرەوەرییەکیشم لە هاوڕێ سیامەکی نووسەری ووتارەکە هەیە: ماوەی دووساڵێک دوای داخرانی دەفتەری بۆکان و ڕۆیشتنمان بۆ تاران وتەنانەت دوای ئەوەی لە ئەندامیەتی ڕێکخراوەکە ئیستیعفام دابوو، هاوڕێ سیامەک لە شوێنێک چاوی بە هاوڕێیەکی پێشووی دەفتەری بۆکان کەوتبوو، دوو دانە کەپسوولی سیانووری پێدابوو و گوتبووی یەکیان بۆ خۆت و ئەوی دیکە بدە بە ئەنوەر، ئەویش هاتە ماڵمان و کەپسوولەکەی پێیدام. من سیانوورەکەم پێ دیارییەکی بەنرخ بوو لەبەر ئەوەی خۆم بە کەسێکی وا نەدەزانی بتوانم لەبەرانبەر ئەشکەنجەی وەحشیانەی دەزگای ئیتیلاعاتدا بۆ ماوەیەکی زۆر ڕابوەستم و هیچ نەدرکێنم. جا بە هەموو وجوودمەوە ئامادە بووم ئەگەر بێن و بمگرن خۆم بەو کەپسوولە لەچنگ ئەشکەنجە و ئیعتیراف و خۆدۆڕاندن و خەڵک پێوەکردن وئابڕووچوون ڕزگار بکەم، بەڵام کێشەکەم ئەوە بوو لە ماڵی تیمی و چریکیدا نەدەژیام و لەگەڵ دایکم و یەک لە خوشکەکانم ماڵێکمان بە ناوی دایکمەوە بەکرێ گرتبوو و ژیانێکی ئاسایی نێو خێزان و خزم و کەس وکارم هەبوو،

حەبی سیانووریش لە ماڵێکی وادا ئەستەم ڕادەگیرا ومەترسی ئەوەی هەبوو بکەوێتە دەست منداڵەکانی کاکم کە هەمیشە لە ماڵماندا بوون یا تێکەڵ دەوا و دەرمانی ماڵی بێت و کەسێکی بێ تاوانی پێ بکووژرێت.

ماوەی دوومانگێک بە دزیی خەڵکی ماڵەوە لەم گیرفان و لەو گیرفاندا ڕامگرت هەتا ئەوەی لەئەنجامی هەڵە و بێ ئیحتیاتی خۆمدا لەگیرفانی کراسێکدا مابووەوە وخرابوە نێو دەزگای جلشۆرەوە و تا پێ بزانم، شۆرابوو و ئاسەواری نەمابوو!

لە وتارەکەی کاک سیامەکدا ئاماژە بە ناوی هاوڕێ "ابراهیم طالبی زاده (سعید)" کراوە. ئەوەندەی بزانم ناوی ئەو هاوڕێیەمان "ئیبراهیم لطف الله زاده" یە نەک طالبی زاده و منیش بەو ناوەوە لە بەشی دواتری ئەم یادداشتانە (ژمارە ٣١٠) دا یادم کردوە.

ئەوی خوارەوە دەقی وتاری "سیامەک بۆکان" ە کە سەبارەت بە هاوڕێ سەلیم نووسیویە و ڕۆژی ٢٠١١/٠٩/٢٤ لەماڵپەڕی "اخبار روز" دا بڵاو بۆتەوە. دەستی سیامەک خۆش بێت کە بەو حەماسەتەوە یادی ئەو هاوڕێیەی کردووە و سەد بریا کەسانی دیکەش زانیارییەکانیان سەبارەت بە هاوڕێیانی دیکەمان ڕابگەیێندایە:

**یاد محمد حیدری مقدم -"سلیم" کردستان، گرامی باد**
**زنده داشت نام و یاد هر جانباخته**
**وظیفه ای است در معرفی هرچه بیشتر حکومت کشتار!**

**سیامک بوکان**

محمد حیدری مقدم را که زمانی نام سازمانی اش "آرتاک" بود ولی بعداً در کردستان به نام "سلیم" درآمد، از دوران دانشجویی خود در ایلام می شناختم. از همان وقت که او در اداره تئاتر ایلام، هم کارمند بود و هم در کار هنرپیشه گی، و پرآوازه در داشتن سری پرشور و دلی چون شیر. او هم مانند من فعالانه از سازمان چریک های فدایی خلق هواداری می کرد و آماده جانبازی در راه آرمان های آن. آن روزها، این شعر که می گفت "آرامش ما در عدم ماست!"، ورد زبان بسیاری چون من بود و "سلیم"، یکی از زلال ترین مصادیق بی آرامی های زمان. او که متولد سال ١٣٣۴ تهران بود، زندگی اش را با هنر معنی می کرد و زیست را جز در هنر مبارزه نمی فهمید. "سلیم"ای را که من می شناختم نمی توانست در آن زمان های جستجوی سنگری درخور روحیه خود ویژه اش، جایی جز کردستان ایستاده در برابر جباریت حکومت جدید بیابد که مناسب ترین محل برای بروز روحیه جنگنده او بود. پیش از این، او چندی در تهران بود اما دل در گرو کردستان و برای مردم کردستان و چند روزی هم گویا در ترکمن صحرا.

از او خبر نداشتم تا اینکه در کردستان چهره به چهره شدیم و سخت هم شادمان از دیدن همدیگر. با پایان جنگ اول کردستان، زمانی که به تشکیلات بوکان شاخه کردستان سازمان پیوسته بودم، بیکباره چشمم به او افتاد که در همین تشکیلات "سلیم" صدایش می زدند. سازمان، تفنگش و کردستان، بخشی جدائی ناپذیر از زندگی او بود. قبل از این، مسولیت انتقال سلاحهای گردآوری شده از طریق تیمی از هواداران سازمان در تهران برای کردستان را بعهده داشت.

مدت زیادی از با هم بودنمان نمی گذشت که یک روز مسئول دفتر بوکان شاخه کردستان، بخشنامه ایی از سوی رهبری شاخه را اعلام کرد که بموجب آن، آندسته از رفقای غیربومی که خود راساً به تشکیلات کردستان ملحق شده بودند می بایست تشکیلات کردستان را ترک می کردند. علت صدور این بخشنامه، بروز عملکردهایی از سوی این یا آن تعداد از رفقای غیربومی بود خارج از حیطه تصمیمات شاخه و ناهمخوان با هنجارهای آن. بهر حال موقعیت "سلیم" نیز جزو مشمولین این بخشنامه بود. وقتی این بخشنامه به او ابلاغ می شود و رفیق مسئول، خواستار تحویل سلاح وی شده و به او می گوید که او از کردستان باید برود ولی در عوض با نامه کتبی به تشکیلات تهران وصل می شود، او آتش می گیرد و می گوید: رفیق! بدان که می میرم ولی این دستور را اجرا نمی کنم! برای من البته پاسخ "سلیم" با آن آتشی که درون او شعله میکشید و عشقی که به آرمانش داشت، اصلاً دور از انتظار نبود! او پس از یکی دو سئوال و جواب با مسئول مربوطه، آخرش با رفیق مخاطبش چنین اتمام حجت می کند و می گوید: نه تفنگم را سازمان به من داده که بتواند از من بگیرد و نه این کردستان را که زندگی من می باشد کسی می تواند از من بگیرد. من، فرستادنم به تهران را همان اخراج از تشکیلات می دانم و در صورت اصرار شما بر اجرای تصمیم تان در مورد من، مسلم بدانید که بلا فاصله جلو در سازمان با نارنجک خودکشی خواهم کرد! او اینرا با خشم تمام گفت و آنگاه برای اثبات آمادگی خویش جهت خودکشی، نارنجک دست سازی از محصولات مبارزات زمان شاه سازمان را بدست گرفت که زنده یاد رفیق فدایی خلق- ابراهیم طالبی زاده مشهور به "سعید" از فداییان خلق قبل از انقلاب و دوره دیده فلسطین که درست در همان زمان مربوط به این روایت مسئولیت امور نظامی تشکیلات بوکان شاخه کردستان را هم برعهده داشت، به او بخشیده بود. رفیق مسئول که انتظار چنین برخوردی را نداشت "سلیم" را به متانت و گفتگو دعوت می کند و نتیجه صحبت طولانی آنها و نهایتاً هم با اخذ نظر رهبری شاخه، آن می شود که او همچنان در کردستان بماند ولی در بخش سیاسی- تبلیغی فعالیت کند. و این، در حالی بود که باقی رفقای غیربومی دیگر راهی شهرهای خود شدند!

اندکی بعد، "سلیم" به همراه رفیق شهید "سعید" به دیواندره رفته و دفتر سازمان را در آن شهر افتتاح نمودند. وی در آنجا نقشی فعال در اتحادیه دهقانی منطقه حصار سفید ایفاء کرد که متشکل از ۱۲ ده بود. این اتحادیه بمناسبت کشتار رهبران ترکمن، اتحادیه دهقانی توماج حصار سفید" نامگذاری شد و منشاء خدمات و امر روشنگرانه سیاسی- فرهنگی گسترده قرار گرفت. با آغاز دوباره جنگ در کردستان، او که برای سفری در تهران به سر می برد بلافاصله و بدون فوت وقت با گذر از رود میاندواب خود را به کردستان رسانده و در دفاع از سقز که مورد یورش حکومت واقع شده بود، نقشی فعال ایفا نمود.

با تغییر مشی مبارزاتی سازمان اکثریت در برابر جمهوری اسلامی و واگذاری سنگر مقاومت از سوی این سازمان، "سلیم" نیز به تهران بازگشت و شروع به فعالیت سازمانی در واحد جوادیه تهران نمود. آخرین دیدارم با او ۲۹ خرداد سال ۶۰ در میدان فردوسی تهران بود. آن روز "سلیم" مشغول تهیه گزارش از عربده کشی های هادی غفاری و حرکات حزب الله برای ارایه به سازمان بود که توسط همین حزب اللهی ها دستگیر می شود. ما آن شب و شبهای دیگر منتظر او ماندیم ولی وی دیگر به محل زندگیمان بازنگشت و من بالاخره خبر دستگیری او را با شناسنامه جعلی که سازمان در اختیارش قرار داده بود، به تشکیلات رد کردم.
وی را دو ماه در زندان دادگستری به بند می کشند و سرانجام پس از انتقالش به زندان اوین، اوایل مهر سال ۶۰ در همین زندان تیرباران می کنند.

من خبر اعدام "سلیم" را از خانواده اش دریافت نمودم و در همان زمان خبر را همراه وصیتنامه اش که خانواده او در اختیارم قرار داده بودند به مسئولینم در سازمان تحویل دادم. متاسفانه نه نام این فدایی زنده یاد در نشریات آن زمان سازمان چاپ شد و نه وصیت نامه اش. شاید هم کسانی از رهبران سازمان به تعمد چنین کردند تا مبادا که مناسبات سیاسی جدید سازمان با حکومت کشتار آسیب ببیند! بعد از یورش ارتجاع به سازمان، در اولین دیدار خود بهنگام مهاجرت اجباری از کشورم با مسئول شعبه تشکیلات سازمان - آقای علی توسلی، بار دیگر نام "سلیم" را به سازمان داده و خواستار انتشار نام او در لیست شهدای سازمان گردیدم که باز هم بی پاسخ ماند. من اصرار ندارم که مسکوت ماندن نام این فدایی خلق تا به امروز را حتماً امری بدانم از روی حساب و کتاب و یا که تماماً آگاهانه، اما به سکوت برگذار شدن نام "سلیم" را هم نمی توانم بی ارتباط با تمایلات بخشی از مسئولان وقت سازمان بفهمم.
و اکنون در پی سی سال از قتل محمد حیدری مقدم ("سلیم") فقط می توانم همه سخنم در باره آن مرگ بسیار زودرس و بیرحمانه را در این خلاصه کنم که: "سلیم" در همه آن چند سال محدود نوجوانی و جوانی که داشت، در خدمت باورهای خود بود. او سر بر راه آرمان های انسانی و شریف خویش نهاد. حکومت جنون و کشتار هر گونه فرصت دفاع حقوقی را از او گرفت، همانگونه که از هزاران نوجوان و جوان و مسن دیگر در آن سال سیاه شصت و در آن دهه سیاه تر شصت و همه سالهای حیات این حکومت شوم و زشت سیرت. از همه هزاران زن و مرد و با انواع باورهای فکری و سیاسی دیگر در طول این سی و اندی سال. "سلیم" مگر چه می خواست جز ایجاد شرایط برای یک زندگی بهتر و انسانی برای همه مردمش؟ آری! دلیل اصلی قتل "سلیم" و "سلیم" ها را در این حقیقت باید جست و پیش و بیش از هر دلیل دیگر نیز، که حکومت اسلامی برای تثبیت پایه های قدرتش به رودخانه خون نیاز داشت و چه فرومایانه که خواست تا "سلیم" ها قطرات این رود شوند.
از "سلیم" در نشریات آن زمان سازمان عکسی بر جای مانده است که او را در تظاهرات ۱۹ بهمن سازمان در مهاباد نشان می دهد. او در جلو صف پیشمرگ های سازمان قد برافداشته و در حال حمل پرچم سرخ فدائیان است! پرچمی که خود با رنگی زرد آرم چریکهای فدایی را در دل ان جا داده بود. امیدوارم کسانی که آن آرشیوها را در اختیار دارند با انتشار آن عکس ها، گرامیداشت نام و یاد او را گرامی تر بدارند.
باشد که با ثبت نام و یاد هر جانباخته گمنام و هر قربانی شناخته شده و نا شناخته این حکومت قتل و کشتار، به وظیفه انسانی و ملی خود جامه عمل بپوشانیم. و بگذار که چهره حکومت خون و جنایت هر چه بیشتر افشاء شود و پرونده گشوده و ملی محاکمه آمران و عاملان همه کشتار های سیاسی این حکومت در طول همه عمر نکبت بارش، هرچه قطور و قطورتر گردد که مطالبه عدالت و داد جز این نمی تواند باشد.

سیامک بوکان – مهر ماه ۱۳۹۰

اخبار روز: www.akhbar-rooz.com
آدینه ۱ مهر ۱۳۹۰ - ۲۳ سپتامبر ۲۰۱۱

**دریژەی هەیە**